# ئەنفالـی باڵنـــدە

عومەرمحەمەد



ئەنفال ئـەو پرۆسـە شـومەیە بۆهـەتا هەتایـە لـەیادەوری كـورددا وەك برینێكـی میـژوویی دەمێنێتــەوە, بەداخــەوە هەرچـەندە هــەتا ئـەمرۆش تاكـە یـەك ئەنفالچـی سـزای خـۆی وەرنەگرتووەولەسەر ئەوكۆمەڵكوژیە كەسێكی تاوانبار بـەردەرگای دادگـاو روخسـاری داوەری نەبینیوە, ئەفسوس دەشێت لەهەرچركە ساتێكدا ئەنفال وێنەیەكی ئامادەی ناوژیانمان بێت,



خانویـــەكی وێـــران, گونـــدێكی كوێرەوەبـــوو, كانیـــەكی وشـــكهەڵگەڕاو, روخســـاری پیرەژنێك و پیرە پیـاوێكی گـەڕاوەی نوگرەوسـەلمان, بەرپرسـێكی خـاوەن دیوەخـان, پرسـەی موستەشارێكی ئەنفالچی, ئەمانە هەموویان ئەو ئاماژانەن كە رۆژانە برینی ئەنفالەكان لەلای مرۆڤی بەویژدان دەكولێننەوە, وەلی ئەمجارەش ئەنفلۆنزای باڵندە هەمان وێنەی ئەنفالەكانم لە كەناڵەكانی راگەیاندنەوە بینی, هەمان ئەو حیكایەتانەم هاتنەوە بەرگوێ كە گـەراوەكانی نوگرەو سەلمان بۆمیان گێراوەتەوە, یان لـە روپـەڕی رۆژنامـەو گۆڤارەكـان خوێندومنەتـەوە, ئەمجارە لەكەنالی تەلەفزیونەكانی كوردخۆیەوە هەمان وێنەی ئەنفالكراوەكانم بەچاوی خـۆم بینی, مریشكەكان قازەكان, قەل وجوجەلـەكانیان, بەدەسـت لیژنـەی قەلاچـۆكردنی باڵنـدە

گومانلێکراوەکانەوە, باڵبەست دەکران وبەهەمان شێوە دزێوەکانی سەروەختی ئەنفالەکان راودەنران و دەگیران و دەخرانە عەربانەی تراکتۆرەوەو دەبران زیندە بەچاڵ دەکران, قیڕەی مریشکە سرکەکانو راکەراکی مریشك و پیاوانی لیژنەی قەلاچۆکردن کتومت راکەراکی جاشەتالنچی یەکانی سەروەختی ئەنفال وابوو, وەلێ جیاوازی ئەو سەروەختەو ئەمرۆ هەرئەوەندە بوو ئەنفالی ئەمجارە تەنها باڵندەکان دەگرێتەوەوئەوانەشی بەدوای مریشك وباڵندەکانەوە بوون بۆ تالانی نەبوو بەڵکو بۆ قەتڵ وعامکردنیان بوو لە پێناوی سەلامەتی ئێمەدا, دەنا پرۆسەکە بەهەمان ئاکاری دڵرەقانەی بەعس دەهاتە پێش چاو, چونکە قەلاچۆکردنەکە سەرا پاگیربوو بەشێوەیەك باڵندەی لەش ساغ ونەخۆش و گومانلێکراوی دەگرێتەوە, دەبێت گوناهی باڵندەیەك چی بێت کە یەکێکی دی نەخۆشە, بۆچی دەبێت ئەمیش لەسۆنگەیەوە قەلاچۆبکرێت وبە زیندوویی لەگۆڕبنرێت؟

